## (ئارام) بنوو هەرگیز لەخوێنت خۆشنابم. . هەتامابم ... شیعر/خاڵە حەمە

(کێ لە شیعر ناترسێت و لە شێخ ڕەزا باکی نییە
ئیدی بۆخۆی گەلحۆیەکە، لەم چەرخەدا تاکی نییە)
(حەزرەتی حەسیب قەرەداخی)

لەبیرم دێ
بیست و حەوتساڵ پێش ئەمڕۆکە
لەکوردستان
داڵەکانی سەدەی بیست و
تینوو بەخوێن
بەری خۆریان
لە (سلێمانی) و
(گڵەزەردە) وئەو (گەرمیانە)
هەڵچنیبوو. .
جاشەکانیش
لە (فرقە) دا
ژن ومنداڵ و (شەرەف) یان
بەجێ دەهێشت
پەلاماری کچ و کوڕی کوردیان ئەدا
هەروەکوو شێت. .
کچەکانیان
لەباوەشی (رەفیق) ێکدا
هێندە مەست بوون
گوزارشیان
لەدڵدارانی (مەم) ئەدا!!
هێندە کرببوون
بەسەر خۆزگەو
حەزێکی پەستی چاوشۆڕا
جواناوی زەردیان هەڵدەڕشت
کرمەخۆرەی ژێریان ئەکوشت!!
عێشقیان ئەکوشت. .
««««««
لە بیرم دێ
لە (قەرەداخ)
خۆفرۆشانی ئەم نەتەوە مارانگازە
دەستیان نایەبینی (قۆپی) و
بەژێر باڵای (داری زەردا)
دزە. . دزە
لانە. . لانە

بەدوای کەڵی ئەو کێوانەدا
ئەگەڕان
کزە..کزە
چەپەر..چەپەر
پەناوپاسار..هەڵدەلەرزان.
بێ شەرمتر
لە سیاسییەکی پاشڵ پیسی
سەربەگۆبەنگ..
بێ بەهاتر
لەچاوی شۆڕ
لەسەری شۆڕی (گەوادی)..
بێ نرختر
لەدراوی کەڵەکەبوی
سۆزانیەکانی (بەغداد)ی..
زۆر پیستریش
لەئاوەڕۆو گەنگوگاوی
دەباخانە..
لە پاشماوەی دوای ئارەزووی
قەحبەخانە!!
زۆر زۆر سووکتر
لەچەکمەی پێی چەتەکانی (قادسییە) و
موبیدانی (لات) و (هبل) !!
«««««««
لەبیرم دێ
بیست و حەوتساڵ پێش ئەمرۆکە
لە (تەنگیسەر)
لە 78/1/31دا
ئەو جاشانە!
لەپێش چاوی خۆرو خوادا..
لەپێش چاوی
ژن و منداڵ
پیرو ئەفتادەی ناو دێدا
لەپێش چاوی
شاخ و باخ و
زەوی و بەردی سەرەڕێدا..
بە فیشەکی داگیراوە
بەو تفەنگەی
پاسی (قەحبە)ی پێکراوە..
بەو دەستانەی

لە (كەللەچی)
تەنها خاولی پێبراوە. .
دڵی (ئارام) ی پڕشكۆیان
لەلێدانخست
دەمی (ئارام) ی پڕگۆیان
لەدووانخست
چاوی (ئارام) ی دوور بینیان
لەكورداخست. .
بەڵام كاتێ (ڕۆح) ی ئارام
بە ئاسمانا هەڵدەگەڕا
لەژوورسەری گشت ماڵێكدا
بوو بەچرا. .
پاساریەكان
كوكوختیەكان
چاویان لێ بوو
بەرباخەڵی ڕانكوچۆغە خوێناویەكەی
گیرفانەكانی ئەگەڕان
چاوێلكەكەی چاویان ئەشكان. .
بەسەر شناسنامەكەی (ئەنوەر) ا. . !!
ئەیانشیڕان. .
ئەیانقیژان
بەسەر دێدا
بەسەر دارا بەسەربەردا
بەسەر ڕێدا
ئەم (ئەنوەر) ە كێ ئەیناسێ؟
لەگەڵ كێدا بۆتە هاوسێ؟
كێ ئەناسێ؟
ئەیاقیڕان
ئەم (ئەنوەر) ە لەكوێوە هات
بۆ ئەم دێیە؟
كوڕی كێیە؟
پەیامی چی بۆ كورد پێیە؟
پاش بێدەنگی
پاش كۆستێكی ئاواقەبەو
ئاواگران
ئەو سووكانە ملیانشكان. .
وەكوو شەهید وەك پێشمەرگە
جەستەی پیرۆزی (ئارام) یان بەجێهێشت
شناسنامەی (ئەنوەر) یان برد !!

بەڵام کاتێ گەڕانەوە لای ئاغایان
لەبری (مەدالیای) سەرکەوتن
پێیان ووتن
ژنەکانتان
لای (رەفیق) و (قائدفرقە) ن
کچانیشتان
سەر گەرمی مەشقی ئەمڕۆکەن!!
فەرموو ئێوەش
لەبەردەرگا چاوەڕێکەن
لەبەردەرگا چاوەڕێکەن!!

شیعر/خاڵەحەمە/دانمارك/ڤالبی/2005/1

تێبینی

1) پێشکەشە بە ڕەوانی شادونەمری (شاسوارجەلال سەعید) سەر قافڵەچی کاروانی شەهیدانی کۆمەڵەی ڕەنجەدەرانی کوردستان شەهید (ئارام) . . هەزاران دروود . .
2) (ئەنوەر) شناسنامەکەی لەگیرفانی شەهید ئارام دا بوە ئەوناوەی لەسەربوە کەجاشەکان
بەدیاری بردویانەتەوە بۆ ڕژێمی ئەفلەقی خوێنرێژ. .
3) داوای لێبوردن دەکەم کە شیعرەکە هەندێ جار سەرکەش ئەبێ و. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .
4) (لات) و (هبل) دوو خودای عەرەب بوون لەپێش ئیسلامدا . .
4) دەبوو لە ڕۆژی 2005/1/31 بڵاو بکرێتەوە کە یادکردنەوەی شەهیدە، دووبارە داوای لێبوردن دەکەم. . . .
5) توندوتیژی شیعرەکەش ئەوەتان پی ڕادەگەیێنێت کەهەرگیز لەنیشتمانفرۆش خۆش نەبن.
خەڵاتی نیشتمانفرۆشان و خۆفرۆشانیش هەر چاوەڕێکردنە لەبەردەرگادا . .